کرێکارانی جیهان یەکگرن !

# ڕێگای کار

ئۆرگانی کومیتەی کوردستانی ڕێکخراوی یەکێتی فیدائیانی کۆمۆنیست

دەورەی تازە ژمارە ٢٩ جومعە ١ / ٣ / ١٣٨٣ May , 21 th , 2004

# بەرز و بەرێز بێت یادی ڕاپەرینی خوێناوی ٣٠ی جۆزەردانی ساڵی ١٣٦٠



بیرەوەری ٣٠ی جۆزەردان بە ڕێزگرتن لە یادی قارەمانەتی قوربانیانی ئەم ڕۆژە خوێناویە ، بە فێربوون لە ئەزموونەکانی پڕ لە بایەخی بزووتنەوەی کۆمەلآنی خەڵك بۆ وەدیهێنانی ئامانجەکانیان بەرز و بەرێز ڕابگرین .

## بارودۆخی تـــازەی کوردستـــان و ناوچـەکـە

لاپەرەی ٢

## سەبارەت بە یاسای پێشنیاری دامەزراندنی سەندیکاکانی کرێکاری

*یەدی شیشەوانی*

بە دوای چاوپێکەوتنەکانی بەرپرسانی کۆماری ئیسلامی و هێندێك لە بە ڕواڵەت " پێکهاتەکانی کرێکاری " لە گەڵ ڕێکخراوی نێونەتەوەیی کار (( ئێل– ئۆ )) و ڕێککەوتن لە سەر پەیماننامەی ئەم ڕێکخراوە ، کومیتەیێك لە بەرپرسانی وەزارەتی کار و کاروباری کۆمەڵایەتی (( ناوەندی بەرزی شووراکانی ئیسلامی کار )) و ئەنجوومەنی سینفی خاوەن کارەکان بڕیاریان دا تاکو بە نووسینی یاسای پێشنیاری دامەزراندنی سەندیکاکانی کرێکاری لە سەر ئەساسی ڕێککەوتننامەکان لە نێوان ڕێکخراوی نێونەتەوەیی کار ، زەمینەی پەسەندکردن و جێبەجێ کردنی ئەو ئامادە بکەن . لەم بارەیە وەزیری کار ڕایگەیاندووە کە (( . . . لە سەر ئەساسی تەجرووبەی وەزارەتی کار و ئەو گفت و گۆانەی کە لە گەڵ ڕێکخراوی نێونەتەوەیی

لاپەرەی ٣

بە یادی دوو ئەستێرەی سوور ، فیدائیانی شەهید





هاوڕێ مەزن ئەمیر پەرویز پویان و شاعیری گەل سەعید سوڵتانپوور

لاپەرەی ٧

## ڕاگـــەیانــدراوەکـــانی کـــومیتـــە لـــە مانگـــی گـــوڵان

لاپەرەی ١٠

یادی شەهیدانی ڕێکخراو و ئەدەبیاتی شۆڕشگێرانە



لاپەرەی ٦

**شەڕی داگیرکارانەی ئیمپریالیستی بە مەبەستی دابەشکردنی سەرلەنوێی جیهان و ئەرکی پێشرەوی شۆڕشگێر**

**لە هەڵبژاردنی شێوازی خەبات**

لاپەرەی ٩

## ووشـــەی سیـــاسی

لاپەرەی ١٢

**کار ، خانوو ، ئازادی – کۆماری فیدراتیوی شوورایی !**

# باروودۆخی تـــازەی کوردستـــان و ناوچـەکـە

کوردستان لە ناوچە قەیران دیتوەکانی رۆژهەڵاتی ناوەراستە کە لە مێژووە ، نزیك بە یەك سەدە ، تەعسیری لە سەر وەزعی ناوچەکە بووە و هەروەها تەعسیری لە رووداوەکانی ناوچەکە وەرگرتووە واتە تەعسیر لە رووداوەکانی ئەو وڵاتانەی کە کوردستان لە نێوانیاندا دابەش بووە . جیا لەوەی کە کوردستان لە ژێر تەعسیری دژایەتی سەرەکی لە هەر کام لە وڵاتانی ناوچەکە کە بریتیە لە دژایەتی چینایەتی واتە کار و سەرمایە و خۆیشی بەشێك لەو وڵاتانە دەژمێردرێ ، بەڵام مەسەلەی نەتەوەیی و بە دوای ئەودا خەبات بۆ نەهێشتنی ئەم نمودەی ستەم لە کۆمەڵگاکانی سەرمایەداری دواکەوتوو و هێندێك جاریش ژێر سوڵتە ، سنوورەکانی جوغرافیایی بەزاندووە و لە مێژە کە ئاڵقەکانی پەیوەندی و هاوپشتی نەتەوەیی لە نێوان کۆمەڵانی گەلی کورد لە بەشەکانی جیا لە یەکی پێکەوە گرێ داوە و لە دەورەکانی مێژوویی خەباتی ئەم گەلە ستەمی لێکراوەدا خۆی لە خەباتی هاوبەشیان نیشان داوە . زۆر ئاسائی و سرووشتیە کە پەرەساندنی خەباتی خەڵکی لە ناوچەیێکی دواکەوتوو کە خۆیشی بەشێکە لە وڵاتێکی دواکەوتوو و هێندێك جاریش ژێر سوڵتە ، لە ئاست و سنووری خەباتی خەڵکی لە ئاستی سەرانسەری تێپەر بێت و هەمیشە وەك خەباتی رزگاریدەری نەتەوەیی خۆی نیشان بدات و لە شێوە و شێوازی شەرەکانی خەڵکی و درێژ خایەن بە دژی حکومەتی مەرکەزی و هێزەکانی داگیرکەر لە جەریاندا بێت . لەم روانگەیە دەتوانین بە شێوەیێکی ئەساسی پێ لە سەر ناوەرۆکی شۆرشگێرانە و پێشکەوتووی ئەو داگرین . کۆمەڵگای کوردستان بە لە بەرچاو گرتنی پێکهاتەی ئابووری - کۆمەڵایەتی خۆی کە لە سەرەتای گۆرانکاریەکانی نائاسایی و ناسرووشتی پێکهاتەی ئابووری— کۆمەڵایەتی نزیك بە نیو سەدەی رابردوودا ، پەیوەندیەکانی بەرهەم هێنەرانە— کۆمەڵایەتی دەرەبەگایەتی و عەشیریی بە سەرێدا زاڵ بوو ، زۆرترین زەرەر و زیـان لە زۆربـەی هەرە زۆری کۆمەڵانی خـەڵکی هەژار و نەداری لادێیی و شاری کەوت و ئەوان بە دونیایێك لە مەینەت و موشکیلە ، پەیوەندیەکانی بەرهەم هێنەرانە— کۆمەڵایەتی سەرمایەداری بە سەریاندا داسەپێندرا . بەڵام ستەمی نەتەوایەتی وەك یەکێك لە نیشانەکانی ستەم لە کۆمەڵگای چینایەتی سیستەمی سەرمایەداری هەمیشە لەم ناوچە بێبەشەدا وەك دژایەتی ئەسڵی بووەتە هۆی گەشە کردن و پەرەساندنی خەباتی خەڵکی لە بەرزترین شێوازی ئەودا واتە خەباتی چەکدارانەی درێژ خایەنی خەڵکی . هەڵبەتە خۆدی بزووتنەوەی نەتەوەیی و ئازادیخوازانە لە بەش بەشی کوردستاندا تا ئەو کاتەی کە لە ژێر تەعسیری جەوی گشتی زاڵ بە سەر بزووتنەوەی سەرانسەری و بە تایبەت تەعسیراتی بوونی



بلۆکێکی بەهێزی سۆسیالیستی و گەشە کردن و پەرەساندنی بزووتنەوەکانی نەتەوەیی و رزگاریدەر و بە تایبەت فەلەستین و دوورترین شوێنەکانی جیهاندا پاش شەری دووهەمی جیهانی بوو ، لە جەوێکی باشتر و گونجاوتر بۆ دەربرینی داخوازیەکانی رادیکاڵ و سۆسیالیستی بەهەرەمەند بوو . خەر ئەم کوردستانەی ئەمرۆیە کە دەبینین سەردەمێك لە ژێر تەعسیری هەلومەرجی باش و لەبار و پێشکەوتووی ناوخۆیی و نێونەتەوەیی پێش لە هەڵوەشانی بلۆکی سۆسیالیستی جێگای پەنابردنی گروپ و رێکخراوەکان و پەرەساندن و گەشە کردنی بیروبۆچوونەکانی سۆسیالیستی و ئازادیخوازانەی چەپی بوو و بە عەینی بەم شێوەی تێروانینە دەتوانین تێبگەین کە چ لە رابردوودا و چ لەم کاتەدا کۆمەڵگای کوردستان و بزووتنەوەی نەتەوەیی ئەو هیچ کات ئەحساسی مەترسی لە بوونی بیروبۆچوونەکانی چەپی و کۆمۆنیستی نەبووە و لە بەش بەشی کوردستانـدا بزووتنـەوەی ئازادیخوازانە و تەنانەت چەپی و کۆمۆنیستی سەرانسەری و رێکخراوەکانی ، هەر کات کەوتوونەتە بەر هێرشی دام و دەزگای سەرکوت و گرتنی دەوڵەتی ، کوردستان وەك دوائین سەنگەری موقاوەمەت و رێکخستن بە باوشی ئاواڵە ئەوانیان قبووڵ کردووە . هەڵبەتە ئاڵوگۆرەکانی زۆرتر لە یەك دەیەی رابردوو لە ئاستی جیهانی کاریگەریی هەبووە لە سەر بزووتنەوەکانی نەتەوەیی و پێشکەوتوو لە ئاستی جیهانی و بە تایبەت رۆژهەڵاتی ناوەراست و بزووتنەوەی نەتەوەیی کوردستان لە بەشەکانی جیاوازی ئەودا لەم تەعسیرە بە دوور نەماوە . و لەم نێوانەدا ئاڵوگۆرەکانی کوردستانی عێراق پاش شەری عێراق و ئەمریکا لە ساڵی ١٩٩١ی زائینی و ١٣ ساڵ پۆششی ئاسمانی ئەم ناوچەیە لە لایەن هێزەکانی هاوپەیمان ، دەرفەتێکی زێرین بۆ گەشە کردن و بە هێز بوونی ئەحزابی بورژوایی رەخساند تاکو بە هاوئاهەنگی لە گەڵ سیاسەتەکانی ئیمپریالیزمی ئەمریکا ئیبتکاری کردەوە بە دەستەوە بگرن و گەلی ستەم لێکراوی کورد کە بۆ ساڵەهای ساڵ لە لایەن راسپاردەکانی بەکرێگیراوی ئیمپریالیزمی جیهانی بە سەرکردایەتی ئیمپریالیزمی ئەمریکا و بە چەکەکانی پێشکەشی لە لایەن ئیمپریالیستەکان قەتڵ و عام دەکران ، لە ئاوا هەلومەرجێکدا لە هەر هۆکارێکی رووخێنەری حکومەتی مەرکەزی تەنانەت ئەگەر ئەم هۆکارە وڵاتانی ئیمپریالیستی ئەمریکا و بەریتانیایش بێت ، پێشوازی بکەن . هەڵبەتە زەمینەکانی ئاوا بەلارێ چوون و بیروبۆچوونێکی نادروست دەبێ لە لێکدانەوەی بلۆکی سۆسیالیستی و بە تایبەت یەکێتی سۆڤیەت لە بارەی بزووتنەوەی نەتەوەیی کوردستان و بە دوای ئەودا پەرەپێدانی پەیوەندیەکان لە گەڵ حکومەتەکانی مەرکەزی سەرکوتگەری گەلی کورد لە بەشەکانی جیاوازی کوردستان و هەروەها هەڵوێستی ئەحزابی برای لایەنگری یەکێتی سۆڤیەت لە بەرانبەر ئەم بزووتنەوەیە و خیانەت و لە باشترین حاڵەتدا بێکردەوەیی ئەوان بە نیسبەت هەڵوێست وەرگرتن

پاشماوە لە لاپەرەی ١١

## پاشماوەی سەبارەت بە یاسای پێشنیاری . . .

کارمان هەبووە بەیاننامەکەمان ئیمزا کرد . . . پێکهاتنی دامەزراوەکانی کرێکاری لە سەر ئەساسی مودیلی ڕێکخراوی نێونەتەوەیی کار لە حاڵی لێکدانەوەکانی کارناسانە لە لایەن کۆمەڵگاکانی کرێکاری ! ! و خاوەن کاری و دەوڵەتە و هەر کات کە ئەم بڕیارە بە شێوەیکی سێ قووڵی بدرێت لە هێڵی خۆی دادەنرێ . ڕێکخراوی نێونەتەوەیی کار بە ئیمزا کردنی ڕێککەوتننامە ، ڕەزامەندی خۆی لە گەڵ ئەم پلانە ڕاگەیاندووە )) .

سەرەتا با بزانین پاش ماوەیکی دوور و درێژ کەنەکیشە لە نێوان کۆماری ئیسلامی و ڕێکخراوی نێونەتەوەیی کار ئێستا بۆچی و بە چ هۆیەك پەیماننامەی ٧٨ کە تەعکید دەکاتە سەر دامەزراندنی یەکیەتیەکان و پێکهاتەکانی‌تری سەربەخۆی کرێکاری ، لە لایەن کۆماری ئیسلامی قبووڵ کراوە و بە ڕەسمی ناسراوە .

یەکەم هۆکار لەو زنجیرە هۆکارانەی کە بووەتە هۆی ئەوەی کە سەرکردەکانی کۆماری ئیسلامی پاش ساڵەها بەربەرەکانی کردن پەیماننامەی ڕێکخراوی نێونەتەوەیی کار ، ئەویش لە چوارچێوەیکی دیاریکراو قبووڵ بکەن ، پەرەساندنی خەباتی کرێکاران لە بوارەکانی جۆراوجۆری ئابووری وڵاتە . سەرەڕای زەرەر و زیانێك کە چینی کرێکاری ئێران لە قەیرانی ئابووری ، چەوساندنەوەی زیاتر ، گرانی و نزم بوونی ئاستی حەق دەستەکان ، نەبوونی دابین کردنی کۆمەڵایەتی ، بێکاری و نەبوونی پێکهاتە و دامەزراوە بە خۆوە بینیوە و لە داهاتوویش شاهیدی دەبێ ، لە ساڵانی ئەم دوائیەدا لە ئاکامی خسوسی کردن و جێبەجێ کردنی سیاسەتی کەم کردنی هێزی کار ، سەدان هەزار کرێکار دەر کراون ، بێکار بوون ، و یان زووتر لە کاتی دیاریکراو خانەنشین کراون کە بە لە بەرچاوگرتنی بنەماڵەکانیان ئەم سیاسەتە ملیونەها کەس لە کرێکاران و بنەماڵەکانی ئەوانی تووشی هەژاری و نەداری و چارەڕەشی کردووە . هاوکات لە گەڵ هێرشی توند بۆ سەر مافەکانی کرێکاران ، خەباتی کرێکارانیش بۆ وەدی هێنانی داخوازیەکانیان وەك ڕێگرتن لە دەرکردن و کڕینی کرێکاران ، دانی حەق دەستەکانی نەدراو ، موخالیفەت لە گەڵ خسوسی کردن ، دیاریکردنی حەق دەستەکان لە سەر ئەساسی نرخی ڕاستەقینەی گرانی ، مافی پێکهێنانی دامەزراوەکانی سەربەخۆ و . . . هیتد بە شێوەیکی بێ وینە پەرەی گرتووە و بەرز بووەتەوە و بووەتە هۆی گەشە کردنی زانیاری و تێگەیشتن و ئاستی خەباتی کرێکاران . لەم زەمینەیەدا ڕێژیم لە پۆتانسیەڵی مەزنی بزووتنەوەی کرێکاری تێدەگات و بە لە بەرچاوگرتنی ئەمەی کە پێکهاتەکانی سەر بە ڕێژیم وەك (( خانە کارگر )) یان (( ماڵی کرێکار )) ، ئەنجوومەنی ئیسلامی و شووراکانی ئیسلامی کار ، هیچ جۆرە پێگەیێك لە نێوان کرێکارانیان نیە ، ڕێژیم تێدەکۆشێ تاکو بە جێبەجێ کردنی ئەم سیاسەتە ، بزووتنەوەی کرێکاری بباتە ژێر ڕەکیفی خۆی و لە درێژەی جێبەجێ کردنی سیاسەتی نیئولیبراڵی کە دەرکردنەکان و ڕاگرتنی دانی حەق دەستەکانی کرێکارانی بە دواوەیە ، بەر بە ڕێگای پەرەساندنی نارەزایەتی کرێکاری ، بەرز بوونی ئاستی پێکهاتە و تێگەیشتنی ئەوان بگرێت و ئیمکانی پەیوەندی لە نێوان بزووتنەوەی کرێکاری و بزووتنەوەی توێژەکانی‌تری کۆمەڵایەتی لە ناو ببات و لە حاڵێکدا کە ئیزۆڵەی کردووە ، بەلارێی ببات و لە کۆتاییدا سەکوتی بکات .

دووهەم ئەوەی کە ، ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی کە گیرودەی قەیرانەکانی ناوخۆیی و پەیوەندیەکانی نێونەتەوەیی بووە و بە لە بەرچاوگرتنی ڕووداوەکانی ناوچەکە تووشی ترس و دڵەڕاوکەیە ، دەیەوێ لە زاهیریش کە بووە سیاسەتی کرێکاری خۆی لە گەڵ نۆرمەکانی بنیاتەکانی نێونەتەوەیی وەك پێشنیارەکانی بانکی جیهانی هاوئاهەنگ بکات . ئەمە لە حاڵێکدایە کە تاکو ئێستا بە هەموو هەوڵ و تەقەلای خۆی نەیتوانیوە ئۆرگانەکانی سەر بە دەسەڵاتی خۆی وەك (( شووراکانی ئیسلامی کار )) و (( خانە کارگر )) و ئەنجوومەنەکانی ئیسلامی و . . . هیتد کە کرێکاران نەفرەتی لێ دەکەن وەك پێکهاتە سەربەخۆکانی کرێکاری بە کۆڕوکۆمەڵەکانی نێونەتەوەیی بناسێنێ و ئێستاکە لە ژێر گوشاری بزووتنەوەی پەرەئەستێنەری کرێکاری مەجبوور بووە مل کەچی بڕیارەکانی ڕێکخراوی نێونەتەوەیی کار ، ئەویش بە شێوەیکی ناتەواو بێت .

سێهەم ، بارودۆخی خۆدی سەرمایەداری ئێرانە لە بەرانبەر وەزعی بزووتنەوەی کرێکاری وەك کڕیار و فرۆشیاری هێزی کار . ئەگەرچی تاکو ئێستا خاوەن کارەکان بە یارمەتی یاسای کار ( کە ئەویش بەشێك لە کرێکاران وە بەر دەگرت ) و یان بە بێ لە بەرچاوگرتنی یاسای کار و یان لە گەڵ بەکار هێنانی ئامرازی گوشار خستنەوەی پێکهاتەکانی سەر بە ڕێژیم و یان لە ڕێگای ڕێککەوتننامەکانی کاتی لە نێوانیان ، خەریکی سەروسامان دان بە کاروباری سینفی و ناکۆکیەکانی حقووقی خۆیان لە گەڵ کرێکاران بوون ، بەڵام دەزانین کە لە ئەم ساڵانەی دوایی‌دا سەرەڕای ئەمەی کە بە پلان و پەسەند کردنی یاسای دەرکردنی کرێکاران لە کارگەکانی بە ٥ کرێکار و کەمتر لەوێ و پاشان ١٠ کرێکار و کەمتر لەوێ لە یاسای کار ، لە ژێر هەر جۆرە چوارچێوێکی قانوونی خۆیان دەرباز کرد ، بەڵکو بە دوای ئەودا خوازیاری لابردنی هێندێك مادەی یاسای بوون کە لەواندا بە لە بەرچاوگرتنی هەلومەرج و کاتی پەسەند کردنیان بەشێك لە داخوازیەکانی کرێکاران تێدا نووسرا بوو کە خاوەن کارەکان و دەوڵەتی ئێستا حازر بە قبووڵ کردن و جێبەجێ کردنیان نەبوو . کە ئەم داخوازیە لە گەڵ نارەزایی کرێکاران ڕووبەڕوو بووە و بەکردەوە باسێك لێ ناکرێ . بە لە بەرچاوگرتنی ئەو وەزعە دەووترێ بڵێن کە ئێستاکە جگە لە بەشەکانی لە سەنعەتەکان و کارخانەکانی دەوڵەتی و یان نیوەدەوڵەتی بە شێوەیکی ئەساسی هیچ جۆرە یاسایێك کە لە ئاستی سەرانسەری بەڕێوە بچێت و حاکیم بە سەر پەیوەندیەکانی نێوان کرێکار و خاوەن کار وەك کڕیار و فرۆشیاری هێزی کار بێت ، وجودی نیە .

هەروەها دامەزراوەیێك کە بتوانێ لانی کەمی بەشێکی بەرچاو لە کرێکاران لە کاتی پیویست لە وت و وێژەکان و قسە و باس نوێنەرایەتی بکات ، هێشتا دانەمەزراوە . هەر بۆیە نە تەنیا دەوڵەت و ڕێکخراوی نێونەتەوەیی کار ، بەڵکو خۆدی خاوەن کارەکانیش خوازیاری دامەزراندنی پێکهاتێکن لە

ناوخۆی بزووتنەوەی کرێکاری کە بە ئاسانی کۆنترۆڵ بکرێت تاکو لە گۆرەپانی کڕین و فرۆشتنی هێزی کار لە گەڵ ئەفراد و دامەزراوێکی دیاریکراو کە لە لایەن بەشێك لە کرێکاران و دەوڵەت قبووڵ کراوە موعامڵە بکەن . ئەگەر بارودۆخی ئاڵۆز و ناڵەباری ڕێژیم و پێویستی بە ڕاکیشانی سەرمایەکانی دەرەوە و بڕیارەکانی بانکی جیهانی و مەرجەکانی سەرمایەدانانی سەرمایەدارانی بیانی لە ئێرانیش لە بەرچاو بگرین کە خوازیاری وەزعی ڕوون و قانوونمەند لە بازاری کارن ، هۆی دیکەی پێش کەوتنی ئێڵ ئۆ ( ڕێکخراوی نێونەتەوەیی کار) بۆ دامەزراندنی سەندیکاکانی کرێکاری لە ئێران و هەروا هۆی مل کەچ بوونی ڕێژیم لە بەرانبەر پەیماننامەکانی ئەو ئاشکراتر دەبێتەوە .

چوارەم ، ئەمکەی کە تووند بوونی قەیرانی سیاسی و ئابووری و ئاڵۆگۆرەکانی ناوخۆیی و ناوچەیی و جیهانی ، ڕێژیمی تووشی مەترسی کردووە . وەدی نەهاتنی داخوازیەکانی کرێکاری ، پەرەساندنی مانگرتن و نارەزایەتیەکان ، نەبوونی هیچ ئاسۆ و دەربازبوونێك لە بەرانبەر کرێکاران ، پەرەگرتنی بێ ئیعتمادی بەربلاو بە نیسبەت ئۆرگانەکانی دەوڵەتی ، تێگەیشتنی کرێکاران لە دزی و تاڵان ، ڕق و بێزاری لە مافیای سروەت و دەسەڵاتی زۆرتر کردووتەوە . هەوڵ و تەقەلای ئەم ساڵانەی دوایی کرێکارانی پێشرەوی کارخانەکان و ناوەندە کرێکاریەکان بۆ ڕێکخستن و دەرباز بوون لە بێدەرەتانی ئێستا و دەیان نموونەیتر ، زەمینەی ڕێکخستنی سەربەخۆی چینی کرێکار و ئیمکانی ڕخنەکردنی بیروبۆچوونەکانی رادیکاڵ و ڕێگا چارەسەریەکانی شۆڕشگێرانە لە نێوان چینی کرێکاری زیاتر کردووتەوە . بەم شێوەیە ڕەوتی گەشە کردنی تێگەیشتن و زانیاری چینی کرێکار لە سەر زەمینەی پەرەساندنی نارەزایەتیەکانی کۆمەڵایەتی ، زەنگی خەتەری لە بن گوێی دەسەڵاتداران لێداوە . و ڕێژیمی مەجبوور کردووە تاکو خۆی بە یارمەتی ڕێکخراوەکانی نێونەتەوەیی ئیبتکاری کردەوە بەدەستەوە بگرێ و بە دروست کردنی یەکیەتیەکان و سەندیکاکانی ژێر ڕەکیفی خۆی بەر بە ڕێگای ڕێکخستنی سەربەخۆی چینی کرێکار و پەیوەندی ئەو لە گەڵ بزووتنەوەی توێژەکانیتری کۆمەڵایەتی بگرێ .

بێ گۆمان ڕێژیم دەیەوێ نووسینی یاسای پێشنیاری ناوبراو نە بە بەشداری نوێنەرانی ڕاستەقینەی چینی کرێکار و لە جەوێکی ئازاد ، بە شێوەیێك کە هەموو کرێکاران بە باس و ئاڵوگۆری بیروڕای تەواو و هەڵبژاردنی نوێنەرانی خۆیان لە دارشتنی یاساکان و شێوە و ناوەڕۆکی سەندیکاکانی مەبەستی خۆیان بەشداری تێگەیشتووانەیان هەبێ ، بەڵکو دەیەوێ لە هەمان پەستۆخانەکانی کۆروکۆمەڵەکانی دەوڵەتی و ئۆرگانەکانی حکومەتی و بە شێوەیێکی ناتەواو و بە دوور لە بەشداری کردنی کرێکاران ، گەڵاڵە و جێبەجێی بکات .

لەم پەیوەندیەدا ، وەزیری کار بە ڕاشکاوی ڕاێگەیاندووە کە ، پلانی ناوبراو لە شووڕای سێ قووڵی پێکهاتوو لە دەوڵەت ، ئەنجوومەنی سینفی خاوەن کارەکان و ئۆرگانە کرێکاریەکان ! ! بەرێوەچووە و نوسینی کۆتایی ئەو دەدرێتە کۆمیتەی کارناسی .

بەم شێوەیە ئاشکرایە کە ئامانجی ڕێژیم لە کۆتاییدا دامەزراندنی سەندیکاکانی بێ ناوەڕۆك و لە ژێر ڕەکیفی دەوڵەت و ئۆرگانەکانی دەس نیشان کراوی ئەوە کە بە شێوەیێکی بە ڕواڵەتیش کە بووە ڕەزامەندی ڕێکخراوی (( ئێڵ ئۆ )) ی لە گەڵدا بێت . و هەروەها تەشکیلاتێك بێت کە بێ کردەوە کردنی ئەو وەك شووراکانی ئیسلامی کار و . . . هیتد لە ناو دەستی ئۆرگانەکانی دەسکرد بێت .

بە سەرنجدان بە ئەوەی کە ووترا ، ئەرکی ئێمە ئەندامانی چالاکی ڕێکخراو و کرێکارانی پێشرەو چیە ؟

لە هەلومەرجێکدا کە خەفەخان لە ڕادە بەدەرە و هەڵسووراوانی بزووتنەوەی کرێکاری سەرکوت دەکرێن و لە هەلومەرجێکدا کە ڕێکخستنی کرێکاران بۆ وەدی هاتنی مافەکانی خۆیان تەنانەت لە ئاستی سینفی لە هەر کاتێکیتر پێویستترە و ڕێژیم ئیدیعا دەکات کە بە قبووڵ کردنی پەیماننامەکانی نێونەتەوەیی خەریکی دامەزراندنی سەندیکایە ، چارەی ئێمە چیە ؟ دەبێ خۆمان لەم دامەزراوانە بەشداری بکەین و کرێکارانیش هان بدەین بە بەشداری کردن لەوان و یان ئەوان تەحریم بکەین و چاوەڕوانی کار و کردەوەکانیتر بین ؟

بۆ وەڵامدانەوە بەم پرسیارە پێویستە ببینین کە بە شێوەیێکی ئەساسی بزووتنەوەی سینفی و یەکیەتیەکانی کرێکاران لە چ وەزعێکدایە . و لە چ قۆناغێکدایە .

ڕاستی ئەمەیە کە بزووتنەوەی سەندیکایی لە ئێران خاوەنی زۆرتر لە سەد ساڵ مێژوویە . چینی کرێکاری ئێران لە مەودای ئەم سەد ساڵەدا لە خەبات بۆ وەدی هێنانی مافەکانی سەندیکایی خۆیان هەوراز و نشێوی زۆریان تێپەر کردووە و لەم ڕێگایەدا زۆر کرێکاریش ئیعدام کراوە ، تووشی زیندان و ئەشکنجە و ئاوارەگی بوون . بەڵام هەرگیز خەباتی چینی کرێکار لەم زەمینەیەدا ڕانەوەستاوە ، چونکە بوونی سەندیکاکانی ڕاستەقینە بۆ وەدی هێنانی داخوازیەکانی سینفی و ریفاهی کرێکاران یەکێك لە پێویستیەکانی حەتمی خەباتی کرێکاری لە ڕابردوو و ئێستا بووە و لە داهاتوویش هەر وایە . لە سیستەمی سەرمایەداری چینی کرێکار بە بێ پێکهاتی سەربەخۆی سینفی و سیاسی وەك سەندیکاکانی چینایەتی خۆی ناتوانێ لە بەرانبەر چینی سەرمایەدار لە سەرەتائیترین مافەکانی سینفی و ریفاهی خۆی دیفاع بکات و داخوازیەکانی خۆی بە سەر چینی سەرمایەدار و دەوڵەت داسەپێنێ .

دەزانین کە ڕۆڵی سەندیکاکانی کرێکاری تەنیا بەربەست نابێتە خەباتەکانی سینفی ، بەڵکو سەندیکاکان لە بەرزکردنی ئاستی تێگەیشتن و ڕێکخستنی کرێکاران و لە خەباتەکانی سیاسی ئەوانیش ڕۆڵێکی کاریگەر و بەرچاویان هەیە .

لە هەلومەرجی ئێستادا کە دەوڵەت و سەرمایەداران هێرشێکی بەربڵاویان بۆ سەر مافەکانی کرێکاران ڕێك خستووە . لە هەلومەرجێکدا کە دەرکرنەکانی بە کۆمەڵ ، بێکاری ، نزم بوونی مافەکان و حەق دەستەکان و نەبوونی دابین کردنی کۆمەڵایەتی و تەزمینی کاری و نەدانی حەق دەستەکان و پاداشتەکانی بە دوا کەوتوو هەر ڕۆژە کرێکارانی زۆرتر دێنێتە ڕیزی خەبات بۆ دیفاع لە مافەکانی خۆیان و مانگرتن و خۆپیشاندان بەم مەبەستە و لە هەلومەرجێکدا کە خەباتەکانی کرێکاران بە هۆی

بەربڵاوی و نەبوونی ڕێکخستن بە ئاکامی دڵخوازی ناگات ، سرووشتیە کە بوونی سەندیکاکانی سەربەخۆ و ڕێك خراو دەتوانێ نوێنەرایەتی کرێکاران بە هێز و ئیرادەی پتەوتری چینایەتی لە بەرانبەر دەوڵەت و سەرمایەداران بکات و پێداچوونەوەێك لە سەر وەزعی بزووتنەوەی کرێکاری ئێران هیچ جۆرە گۆمانێك لە پیویستی ڕێکخستنی سەندیکایی بە جێ ناهێڵێ . و کرێکارانی پێشرەو و کۆمۆنیست دەبێ لە هەر دەرفەتێك هەر چەندە بچووکیش بێت بۆ ڕێکخستنی سەندیکایی کرێکاران کەڵك وەربگرن .

بەڵام نوکتەی ئەساسی ئەمەیە کە بڕیاردان لە بارەی دامەزراندنی سەندیکاکانی کرێکاری لە کۆڕوکۆمەڵەکانی حکومەتی و خاوەن کارەکان و هێندێك ئەفرادی سەربە ئەوان لە ژێر ناوی (( ئورگانی کرێکاری )) وەك شووراکانی ئیسلامی کار ، هەرگیز نابێتە سەندیکای ڕاستەقینەی کرێکاری و لە کۆتاییدا شتێك جگە لە شووراکانی ئیسلامی کار ، و ئەنجوومەنەکانی ئیسلامی و . . . هیتد کە ئەم جارەیان لە ژێر ناوی یاساکانی بە ناوی سەندیکا ڕۆڵی خۆی دەگێرێ ، نیە .

**ئازادیە سیاسیەکان و سەندیکاکان :**

سەندیکا کرێکاریەکان کاری خۆدی کرێکارانە کە لە هەمان کاتدا پێش شەرتی دامەزراندنی ئەوە بوونی ئازادیەکانی سیاسی ، ئازادی کۆبوونەوە و بەیان و قەڵەم لە کۆمەڵگایە . کرێکاران و ڕێبەرانی ئەوان دەبێ ئازاد بن تاکو لە هەموو ئاستێك و بوارێکدا لە گەڵ بەرێوەبردنی کۆبوونەوەکان ، بەرێوەبردنی کۆڕەکانی قسە و باس و بڵاوکردنی بڵاوکراوەکانی جۆراوجۆردا ، بە بردنەوە سەرەوەی ئاستی تێگەیشتن و سەرنج ڕاکیشان و ڕێکخستنی کرێکاران لە هەموو بەش و سینفەکان ، سەندیکاکان دامەزرێنن . یاساکان و نورمەکانی ئەوان بخەنە بەر ڕا و بۆچوونی کرێکاران و بۆ داسەپاندنی ئەوە بە سەر دەوڵەت و خاوەن کارەکان چینێکی کرێکاری یەکگرتوو لە پشت سەری خۆیدا هەبێ و ئەمە لە هەلومەرجی ئێستای کۆمەڵگای ئێمە و وەزعی چینی کرێکار ،. ناچار و هاوکات لە گەڵ خەبات بۆ وەدی هێنانی داخوازیەکانی سینفی و سیاسی هەزاران کرێکاری




کە مافەکانیان بە دەس نەهێناوە ، دەرکراون و بێکار بوون و ئاستی ماف و حەق دەستەکانیان لە خوارەوەیە ، لە مافی خانوو ، منداڵان و هاتووچو بێبەشن و یان لە ژێر ناوی ڕێککەوتننامەکانی کاتیدا بوونەتە کوێلە و زۆر شتی‌تر کە هەر ئێستادا بەشێکی گەورە لە کرێکاران خەریکی خەبات بۆ وەدی هێنانی داخوازیەکانیان ، کە ڕێژیم و چینی سەرمایەدار بە ئامرازی فریو و سەرکوت دژایەتی ئەوان دەکەن .

لە هەلومەرجی نەبوونی ئازادی و سەرکوتی هەڵسووراوانی کرێکاری و بە سەرنجدانی ئەم وەزعەدا تێگەیشتنی ئەم مەسەلەیە کە سەندیکاکانی دەسکردی ڕێژیم وەك هۆکارێك بۆ کۆنترۆڵی ئەم خەباتانە ، بێ دەنگ کردنی کرێکاران ، بەلارێ بردنی خەباتەکانی ئەوان بە کار دێت ، گۆمانێك نیە . بۆیە هەر چەشنە هیوایەتیچك بە کردەوەکانی ڕێژیم بۆ دامەزراندنی ئەو جۆرە سەندیکانەی کە لەوانەیە بە زاهیریش کە بووە هاوئاهەنگ بێت لە گەل پەیماننامەکانی ڕێکخراوی جیهانی کار ، بەلام گرفتێك لە گرفتەکانی ڕێکخستنی کرێکارانی ئێران چارەسەر ناکات .

لە ئاوا هەلومەرجێککی ئاڵۆزدا کرێکارانی پێشرەو و هاورێانی ئێمە و بە گشتی‌دا کرێکارانی ئێران چ ئەرکێك لە ئەستۆیانە ؟

ڕێکخراوی ئێمە بە درێژایی خەباتی خۆیدا ، هەموو کات لە مافەکانی سەندیکایی کرێکاران دیفاعی کردووە و تەعکیدی کردووتە سەر گرینگی ئەو و بۆ ڕێکخستنی کرێکاران لە پێکهاتێکی چینایەتی لە بەرانبەر سەرمایەداران و دەوڵەت ، بە شێوەیکی لە خۆبردووانە تێکۆشانی کردووە و خەباتی کردووە . لەم خەباتەدا ئێمە هەمیشە و هەموو کاتێك بڕوامان بە ئەوە بووە کە بۆ یارمەتیدان بە ڕێکخستنی کرێکاران لە هەر ئیمکانێکی تەنانەت کاتیش کە بێت دەبێ بۆ ڕێکخستنی هەموو لایەنە و پایەدار کەڵك وەرگرین . بەلام تەجرووبەی خەباتەکانی کرێکارانی ئێران و هەروەها جیهانیش ئەم ڕاستیە دەردەخات کە پێچکهاتنی سەندیکاکانی چینایەتی و هەموو لایەنە نە کاری پەسەندکراوێك لە کومیسیونەکانی دەوڵەتی و بە دوور لە بەشداری کردنی ئازادانە و هەموو لایەنەی کرێکارانە و نە کارێکە کە بتوانرێ بە شێوەیکی ئیرادەخوازانە بە ئەنجام بگات . دامەزرانی سەندیکاکانی کرێکاری هەروا کە تەجرووبەیش نیشانی داوە بە خەباتی ڕۆژانە دژی چینی سەرمایەدار و دەوڵەت تێکەڵە و هاوسەنگی هێزی چینایەتی ڕۆڵی گرینگی هەیە لە چۆنیەتی قەبارە و ناوەرۆکی ئەم دامەزراوانە ، بۆ هێنانە ئارای هەر داخوازیەك هەر چەند بچووکیش لە ئۆسوڵ و یاساکانی سەندیکاکان و هەر دامەزراوەیکی کرێکاری‌تر ، ململانی لە نێوان کرێکار و سەرمایەدار و دەوڵەت بە دواوە دایە ، سەرکەوتن لەم خەباتە دژوار و پڕ لە هەوراز و نشێوە ، پیویستیی هەیە بە کار و چالاکی و تێکۆشانی لێبڕاوانە و بەردەوامی کرێکارانی پێشرەو .

لە کاتەکانی حەساس و لە بارودۆخی ناسکدا ،

**پاشماوە لە لاپەڕەی ٨**

## چەکوچە خوێنی من لە دەستی کرێکار ☆ داسە خوێنی من لە دەستی جووتیار

# لیستەی شەهیدانی رێکخراو لە مانگی جۆزەردان

نەعمەت باشخۆر
شاپوور جەلیلی کۆنە شەهری
رەمەزان عەلی دڵسۆز موقەدەم
سەعید سوڵتانپوور
جەهانگیر تالیبی بەهمەن بەیگلو
ماریا کازمی
مەحموود موستەعان
مەهرداد نەبیعی
شەهرام میرانی
دوکتور بیژەن
ئمیر پەرویز پویان
رەحمەتوڵلا پەێرەو نەزیری
سولێمان پێوەستە حاجی مەحەلە
خسرەو تەرە گول
بەهروز دهقانی

عەلی رەزا رەحیمی عەلی ئابادی
حوسێن سەلاحی
عەلی رەزا شەهاب رەزەوی
ئەسکەندەر سادقی نەژاد
مینا تالیب زادە شوشتەری
نادر عەتایی
حەسەن مەعسوومی
رەفعەت معماران بنام
حوسێن موسەوی دۆست موچالی
حەسەن نیک داوودی
بەهمەن موحسێنی
مەهدی محەمەد زادە
سەعید موعینی
شەهاب ئەلدین رەزەوی
حەسەن رومیا

نزهەتولسادات رۆحی ئاهەنگەران
مریەم شاهی
مارتیک قازاریان



بگذار بذر تیر
بروید چون جنگلی
در آفتاب خون

## با کشورم چه رفته است ؟

### فدایی شهید : سعید سلطانپور

بـا کشـورم چـه رفته ؟
با کشورم چه رفته ؟
با کشورم چه رفته ؟
که زندانها
از شبنم و شقایق
*سرشارند*
و بازماندگان شهیدان
انبوه ابرهای پریشان سوگوار
در سوگ لاله های سوخته
می بارند
با کشورم چه رفته
که گلها هنوز
سوگوارند
با شور گردباد
آتک
منم
که تفته‌تر از گرد بادها
در خارزار وادی می‌چرخم
تا آتش نهفته به خاکستر
آشفتـه تر ز نعره خورشیدهای تیر
از قلب خاک های فراموش
سرکشد
تا از قنات حنجره‌ها
موج خشم و خون
روی غروب سوخته مرگ
برکشد
این نعره‌ی منست
این نعره‌ی منست
که روی فلات می‌پیچد
و خاک های سکوت زمانه تاریک را
می‌آشوبد
و با هزار مشت گران
بر آبهای امن می‌کوبد
این نعره‌ی منست
که می‌روبد خاکستر زمان را
از خشم روزگار
بعد از تو ای
ای گلشن ستاره دنباله دار اعدامی
ای خسرو بزرگ
خسروان بودی
که برای آخرین ستاره
خونین ترین سرود
در باغ ارغوان
در ازدحام خلق
در دور دست و نزدیک
من هیچ نیستم
جز آن مسلسلی که در
زمینه‌ی یک انقلاب می‌گـذرد
و خالی و برهنه و خونالود
سهم و سترک و سنگین
در خون توده‌های جوان
می‌غلتد
تا مثل خار سهمناک و درشتی
روییده بر کریوه‌های گل سرخ
آینده را بماند در چشم روزگار
یادآور شهادت شوریدگان خلق
بر ارتش مهاجم این نازی ، این تزار
ای خشم ماندگار
ای خشم !
خورشید انفجار
ای خشم !
تا جوغه‌های مخفی اعدام
در جامه‌های رسمی
آتک
آتک هزار لاش خواره خشم
مثل هزار توسن یال افشان
خون شیهه بسته است
*بر این ویران*
دیگر ببار
ببار ای خشم !
ای خشم
چون گداز آتشفشان ببار
روی شب شکسته استعمار
اما دریغ و درد
که جبریل های اوت
با شهپر سپید
از هر طرف فرود می آیند
و قلب عاشقان زمان را
با چشم و چنگ و دندان
می‌خایند
و پنجه‌های وحشت پنهان را
با خون این قبیله
می آلایند
*با این همه شجاع*
با این همه شهید
با کشورم چه رفته است ؟
که از خاک میهن گلگون
از کوچه‌های دهکده
از کـوچـه های شهر
از کـوچـه‌های آتش
از کـوچـه‌های خون
با قلب سربداران
با قامت قیام
انبوه پای پوشان
انبوه ناگهان
انبوه انتقام
نمی‌آیند
چشم صبور مردان
دیریست
در پرده‌های اشک نشسته
دیریست
قلب عشق
در گوشه های بند شکسته
چندان ز تنگناه قفس
خواندیم
کز پاره‌های زخم
گلو بسته است
ای دست انقلاب
مشت درشت مردم
گل مشت آفتاب
با کشورم چه رفته ؟



# بە یادی دوو ئەستێرەی سوور ، فیدائیانی شەهید هاورێ مەزن ئەمیر پەرویز پویان و شاعیری گەل سەعید سوڵتانپوور

جۆزەردان ، مانگی لە خاك و خوێن کەوتنی دەیان فیدایی خەباتگێر و کۆمۆنیستە . ئەو کەسانەی کە بە سوور بوون لە سەر ئارمانەکانی ئینسانی خۆیان لاپەرەکانیتری پڕ لە شانازیان بە سەر مێژووی خەباتی یەکسانی خوازانە و ئازادیخوازانەی چینی کرێکار و زەحمەتکێشانی ئێران هەڵدایەوە .

بابەتی خوارەوە نووسراوەیکە لە فیدایی شەهید ، هلورێ سەعید سوڵتانپوور ، شاعیری خەڵکی بێبەش و چەوساوە لە بارەی شۆڕشگێری مەزن ، فیدایی شەهید ئەمیر پەرویز پویان کە هەر دووی ئەوان لە شەهیدانی مانگی جۆزەردانن .



من این گل را
میشناسم ،
رها کنید مرا ، رها کنید شانه و بازویم را
رها کنید مرا تا ببینم
من این گل را میشناسم
من با این گل سرخ در قهوەخانەها
نشستەام
من به این گل سرخ در میدان راه آهن
سلام دادەام
آ . . . ی
من این گل را میشناسم

لە زیندان بووم کە خەبەر گەیشت . وێنەی هاورێ لە گەڵ هاورێیەکانیتری لە ڕۆژنامەدا بوو . چاوم لە سەر وێنەکە ڕاوەستا . . . پویان . . . سەیرە . . . دەستیان پێکردووە . . . بە دوای ئەو سەفەرانەی بۆ لادێکان ، ئەو دۆستیەکانی لە گەڵ خەڵکی جۆراوجۆردا . . . ئەو پیرەمێردە لادێئیە لە شەمەندەفەرەکە . . . ئەو لاوە لە گەڵ ئەو جلوبەرگە چەور و ڕۆنیە لە قاوەخانەدا . . . ئەو یادداشتانە . . . ئەو شێوە جل وبەرگ لەبەر کردنە جۆراوجۆریدا . . . وەك خەڵك بوو . . . وەك خەڵك قسەی دەکرد .. ئەو کتێبان ... ئەو وەرگێرانانەی . . . ئەو ون بوونە لە ناکاوانەی . . . ڕۆژێك لە مەشهەد . . . ڕۆژێك لە گوندەکانی گیلان . . . ڕۆژێك لە شارەکانی لورستان . . . ڕۆژێك لە تەورێز . . . هەمووکات لە نێو خەڵك و کەمتر لە نێو ئێمەی ڕۆشنبیران . . . بە راستی سەیر بوو و ئەو ڕۆژە . . . لە سەر چیمەنی زانکۆدا . . . خەریکی وەرگێرانی نووسراوەیك لە جورج حەبەش بوو . لە لای ئەودا دانیشتم ، سەری بەرز کردەوە . ئەو ڕووخسارە سەوزە تۆخە ، ئەو چاوە پڕ لە نفوزانە و میهرەبانەی و لەهجە بۆمیەکەی : " هێزە شۆڕشگێرەکانی ئێران تاوانی خیانەتی حیزبی توودە دەدەنەوە . ئەم خیانەتە مێژوویە . تەنیا بە حەرەکەتێکی مێژوویی دەتوانین ئەو خیانەتە پاك بکەینەوە " . ئەم دیکتاتۆریە ڕزیوە . خەڵك دەبێ باوەریان بێت . " . " قسە کردن سەبارەت بە مارکسیزم خراپ نیە ، بەلام عەمەڵ کردن بەو زۆر سەخت و دژوارە . " و پاشان بە لەحنێکی سادە پرسیاری کرد : " دەتوانی گریم کردن فێری من بکەی ؟ ! " پێم سەیر بوو و بە ئارامی بە منی گوت : " حەزم لە شانۆگەریە ، لەوانەیە بێم و هاوریان گرێم بکەم . . . " و ئەو شەوە . . . زستان بوو و هەناسە لە سەر سمێلی ئینسان دەرچا . ئەو لەشە موقاوم و چالاکە . . . ئەو لەشە بچووك بەلام یەك پارچە جموجۆڵ و کۆششە . . . دەلەرزا . . . بەو کراس و ژاکەتە نوێیە ، بەو کۆتە مەعموولیە . . . لە سەر قسەی خۆی سوور بوو کە هەوا سارد نیە . . . ووتی : " جلوبەرگی زۆر بەر بە دەست و پێ ئینسان دەگرێت " . . . پێم ووت : " ئەدی ئەمەیشە بوو بە جلوبەرگ " ووتی : " زۆر ئەشرافیە " . و دەستی کە لە گیرفانیدا بوو لە ئاسەری قوڵی کۆتەکەی وەدەرهێنا و بە قامکەکانی گەمەی دەکرد . پێکەنینی گرت ، ئەویش پێدەکەنی : " لەوانەیە تۆیش ڕۆژێك پیویست بێت ئاسەری کۆتەکەت ببڕی . " لە سەر قسەکەیم دەرنەهێنا . لەو هەوا ساردەدا هەزاران مەتر لە گەڵ یەکتر پیادەرەویمان کرد و سەبارەت بە ژیانی کرێکاران قسەی دەکرد . لە ژیانی جووتیاران ، لە سەندیکاکان ، لە شرکەتەکانی کشتوکاڵی . . . لە بانکەکان . . . لە وامەکانی خەڵکی دەس کورت و هەژار ، و پاشان لە ڕۆشنبیرانی بورژوایی قسەی دەکرد : " هەموو



کەسێك لە چووڵیی و بە قسەدا خەباتگێرن ! ! " پێم گوت ، چ کارێك دەبێ بکەین ؟ " پێدەکەنی و گوتی : " ئەگەر بە وردی بە من بڵێ کە چ کارێك ناکرێ ئەنجام بدرێ ، ئەو کات بە تۆ دەڵێم کە چ کارێك دەکرێ بە ئەنجام بگات . " بێ دەنگ بووم : " بۆ ئەوەی کە بزانی و تێبگەی کە چ کارێك ناکرێ ئەنجام بدەی ، دەبێ کار و چالاکیت هەبێ ، دەبێ کۆمەڵگا بناسی ، سەردانی گوندەکان بکەی ، خەبەرت بێت لە کارخانە ، دەبێ بزانی کە لە ژێر ئەم سەقفە چ روو دەدات . " و ئەو کات ئیشارەتی کردە ئالونەکەکانی پشت موجەسەمەکە . لەو شەوە بەدواوە ئەوم نەبیینی . پێم وایە هەر ئەو شەوە بە سەرێك کە جووڵاند و تماشایکی توندی بە سەر ئالونەکەکان کرد لە نێوان هەمان ئالونەکانە لە من جیا بوو . هەر کات کە بیری لێ دەکەم ئالونەکەکانی ئەو زستانە ساردە دێتە پێش چاوم و ئەو هاورێە کە وەك گەوەزنێك کە سەرمای بێت لە ناو ئالونەکەکان لێم دوور کەوت . خەباتگێرێکی هونەرمەند بوو . هێندێك جار شیعری دەگوت و هێندێك جاریش چیرۆك و داستانی دەنووسی . لە ڕەخنە گرتن لە هونەر و هونەرمەند ئەگەرچی چەند نووسراوەیکی زۆرتر نیە ، بەلام بناغەدانەری شێوەیکی مارکسیستی لە ڕەخنەگرتن لە هونەرە . ئەو ئاخیر شەوەی کە ئەوم بینی لە خانووی تیمی هاتبووە شانۆ و من ئەمەم نەدەزانی.هاورێکی سادە و وشیار ، ڕەخنەگر و میهرەبان . . . هاورێکی شۆڕشگێر کە زۆر شتی فێری ئێمەی کرد. هاورێ مەزن پویان و هاوریانیتری ئەو دامەزرێنەری بزووتنەوەی نوێی کۆمۆنیستی ئێران بوون . بزووتنەوەیك کە هێشتا ئەرزشەکانی مێژوویی ئەو بە تایبەت لە زەمینەی پەیوەندی داهێنەرانەی تیۆری و پراتیك و ئاکامەکانی نوێی ئەو بابەتی باس و خەباتی تیۆریکی هێزەکانی شۆرشگێرە .

## پاشماوەی سەبارەت بە یاسای پێشنیاری . . .

تێگەیشتن ، وشیاری لە بەرانبەر ڕووداوەکان ، دیاریکردنی دروشمەکانی دروست و حەساس بوون و لێزانین بە نیسبەت بەکار هێنانی تاکتیکەکان و کەڵك وەگرتن لە دەرفەتێکی هەرچەند بچووك و بەهرەمەند بوون لە شێوازەکانی دروست و شۆرشگێرانە و تەعکید و پاڵپشتی بە سەربەخۆیی چینایەتی کرێکاران و هەروەها تێکەڵاو کردنی بەجێی داخوازیەکانی سیاسی و ئابووری لە پێش مەرجەکانی سەرکەوتن دەژمێردرێ .

ئێستا کە بە هۆی هێندێك هەلومەرجدا ، ڕێژیم مەجبوور بە قبوول کردنی لانی کەمی یاساکانی نێونەتەوەیی کار سەبارەت بە دامەزراوەکانی کرێکاری بووە و لە هەمان سەرەتاوە هەول دەدات تاکو دامەزراوەێکی ناتەواو و ژێر ڕەکیفی خۆی بە ناوی سەندیکاکانی کرێکاری بە سەر کرێکاران داسەپێنێ ، ئەرکی کرێکارانی پێشرەوە کە لەم زەمینەیەدا ئیستفادە بکەن ، خەریکی کار و چالاکی تێگەیاندن لە نێوان بەشەکانی جۆراوجۆری کرێکاران بن و سەرەرای ئاشکرا کردنی ناوەرۆکی کردەوەکانی دەوڵەت و سەرمایەداران لەم زەمینەیەدا ، مەرجی ئازادی کۆبوونەوەکان ، تەبلیغات و تەشکیلاتی کرێکاری وەك داخوازیەکی خێرا و پیویست و لانی کەمێك بۆ پێکهاتنی دامەزراوەێکی هەموو لایەنە و چینایەتی لە ناو گۆڕەپانی خەبات و داخوازیەکان بهێننە ئاراوە و وەك داخوازیەکی عادڵانە و ڕەوا ( کە بە بێ ئەم ئازادیانە قسە و باس کردن لە سەر دامەزراندنی سەندیکاکانی ڕاستەقینە فریوێك زۆرتر نیە و وەك ئاو لە ناو هاوەن کۆتانە ) لە بەرانبەر ڕێکخراوەکانی نێونەتەوەیی وەك ڕێکخراوی نێونەتەوەیی کار مەترەح بکەن . و لە هەمان کاتدا لەم دەرفەتە بۆ دامەزراندنی کومیتە و شووراکانی کارخانە کەڵك وەربگرن .

تاکو بتوانن سەرەرای کورت کردنی دەس درێژی و دەستێوەردانی ئەفرادی سەر بە ڕێژیم لە خەبات و کار و چالاکی کرێکاران ، لانی کەمی پشتیوانی پیویست بۆ ڕاهێنانی خەباتی کرێکاران و وەدی هاتنی داخوازیەکانی خۆیان بە دەس بهێنن . ئەم کومیتە و شوورانە دەتوانن کار و کردەوەکانی دامەزراوەکانی سەربە ڕێژیم و جموجۆڵی ئەوان وەك ئەو دامەزراوانەی کە بە ڕێکخراوی نێونەتەوەیی دەناسێنن ، بەرپەرچ بدەنەوە و دامەزراوە سەربەخۆکانی خۆیان وەك تەنیا خاوەن بڕیار بە ئەوان بناسێنن . و لە کۆتاییدا بەم کار و کردەوانە چوارچێوەێکی پتەو بۆ پێکهاتەکانی سینفی و سیاسی داهاتووی کرێکاران فەراهەم بکەن .

لە هەلومەرجی ئێستادا ئەگەر وا دابنین کە ڕێکخراوی نێونەتەوەیی چاوەدێری جێبەجێ کردنی ڕێککەوتننامەکانی خۆیان بکەن و بە لە بەرچاو گرتنی هەموو هەلومەرجەکانی ڕێژیمیش لە ژێر گۆشاری بزووتنەوەی کرێکاری و ڕێکخراوەکانی نێونەتەوەیی ئەم چاوەدێریە قبووڵ بکات ، مەسەڵەی بزووتنەوەی کرێکاری ئێران و پیویستی دارابوونی دامەزراوەێکی هەموو لایەنە لە سنووری وڵات تێپەر دەبێ ، بۆیە ئەمە دەتوانێ دەرفەتێکی پیویست بۆ چالاکی کرێکارانی پێشرەو فەراهەم بکات تاکو خۆیان بە پاڵپشتی پەیماننامەکانی ڕێکخراوی جیهانی کار ، کومیتە و شووراکانی کرێکاری دامەزرێنن و کوسپەکانی پیلانگێری و کردەوەکانی سەرکوتگەرانەی ڕێژیم لە ئاستی نێونەتەوەیی ئاشکرا بکەن و بە کردەوە کومیتە و شووراکانی کارخانە وەك تەنیا ئاڵترناتیوی دروست بۆ هەر جۆرە کردەوە و وەڵامدانەوەێك و بۆ ڕێکخستنی سەندیکاکان و یان هەر دامەزراوەێکیتر جێگیر بکەن .

---

لە مێژە تاقمەکانی ڕەشی دەستەڵاتدار و بەشێك لە ڕووناکبیرانی وردە بۆرژوا هەستیان بەم پێویستیە کردووە. لە سەر ئەساسی سەرکوتی توند و قەدەغە کردنی چالاکی کۆمۆنیستی و کرێکارانی پێشرەو، زیدە لە ڕێکخراوەکانێك وەك خانووی کرێکار، ئەنجوومەن و شووراکانی ئیسلامی کار، لەم ساڵانەی دواییدا ئەحزابی بەناو باتگتر وەك «حێزبی ئیسلامی کرێکارانی ئێران» وهتد کە لە ڕاستیدا لە لایەن کەسانی سەر بە تاقمی ڕەش پێك هاتوون، تاکو سەرەرای بەرگری کردن لە ویستی چینی کرێکار بۆ پێك هێنانی حێزب و ڕێکخراوی سەربەخۆ و ئیزوڵە کردنی تێکۆشانی بزووتنەوەی کۆمۆنیستی لەم زەمینەدا، بەرپەرچی خەباتی ئەوان بدەن و وەك لەشکری ڕەش ببنە خزمەتکاری شەڕی نێوان باڵەکانی ناو حکومەت .

## پاشماوەی ڕۆڵی پێشرەوی شۆڕشگێر لە . . .

بێکردەوەیی دەکرێ واتە تەسلیم بوون لە بەرانبەر هەلومەرجێك کە بە سەر شۆڕش داسەپاوە . هەرچەند کە تەفسیرەکان لە سەر بوونی ئیمکانات و پەیوەندی ئەو لە گەڵ چۆنیەتی کردەوە و هەروەها خۆکوژی سیاسی لە گەڵ یەکتر زۆر جیاوازن ، بەڵام دەبێ ئەم ڕاستیە لە بەرچاو بگرین کە موقاومەتی چالاکانە یان هەمان هێرشی تێگەیشتووانە تەفسیری خۆکوژی سیاسی لێ ناکرێ . بەڵام سەبارەت بە تەبلیغی چەکدارانە ، جیاوازی بیر و ڕا زۆر هەیە بە تایبەت لە مەودای سەرهەڵدانی بزووتنەوەی نوێی کۆمۆنیستی ئێران تاکو ئێستا . ڕوانگە و دیدی ئێمە بە نیسبەت تەبلیغی چەکدارانە لە پەیوەندی لە گەڵ واقعیەتەکانی سیاسی – ئابووری – کۆمەڵایەتی– فەرهەنگی و هەروەها ئەو نەریتە خەباتگێرانەی کە خەڵکانی وڵاتەکەمان قبووڵی کردوون ، و لە سەر ئەساسی ئەم ئەساسانە و لە هەلومەرجەکانی جۆارجۆردا لە شێوازەکانی جۆراوجۆر وەك تاکتیکی خەبات کەڵکی لێ وەرگرتووین . نەك بۆ ناودەرکردنی ڕێکخراو و نەك بۆ درێژەدان بە مانەوەی خۆمان . ئەم ڕاستیەکە کە هێندێك جەریانی هاتوهوریاکەر بە لە بەرچاو گرتنی ناوەرۆکی چینایەتی خۆیان کە بە تەواوی لە ناوەرۆکی پرولیتری پووچەڵن هەرگیز نەیانتوانیوە لە پەیوەندی نێوان پیویستی تەبلیغی چەکدارانە و تەعسیری هۆکارەکانی سیاسی – ئابووری و کۆمەڵایەتی و بوونی دیکتاتۆری و دەزگاکانی سەرکوتی بورژوازی لە سەر هەڵبژاردنی ئەم شێوازەی خەبات وەك تاکتیکەکانی جۆراوجۆر لە قۆناغەکانی جۆراوجۆر تێ بگەن و هەر ئەم تێگەیشتنە ناتەواوە و سەتحیە لە پیویستی تەبلیغی چەکدارانە لە پەیوەندی لە گەڵ هۆکارەکانی ناوبراو لە هەلومەرجی زەبری ئەساسی و قورسی پۆلیسی بووەتە هۆی بادانەوە و بێکردەوەیی ئەوان و تەنیا تەبلیغی چەکدارانە لە هەلو مەرجێك دەبینن کە شۆڕش لە بەرزترین ئاستی خۆی واتە لە قۆناغی ئیعتلای شۆڕشگێرانەیە بە مەبەستی گۆڕینی سیتەمی داسەپاو و خەڵك بە گشتیدا چەکدار بوون و ڕاپەرینی چەکدارانە دەستی پێکردووە .

# شەڕی داگیرکارانەی ئیمپریالیستی بە مەبەستی دابەشکردنی سەرلەنوێی جیهان و ئەرکی پێشرەوی شۆڕشگێر لە هەڵبژاردنی شێوازی خەبات

هێرشەکانی فاشیزم و دابەش بوونی سەرلەنوێی جیهان لە مەودای شەڕی دووهەمی جیهانی هاوکات بوو لە گەڵ موقاوەمەت و پەرەساندنی بزووتنەوەکانی ڕزگاریدەر و سۆسیالیستی . لەم سەردەمەیشدا هێرشی نیزامی ئیمپریالیزمی ئەمریکا وەك سەرکردەی ئیمپریالیزمی جیهانی و ژاندارمی جیهانی بە مەبەستی پاراستنی حاکمیەتی ئیمپریالیزم و دابەشکردنی سەرلەنوێی جیهان خۆی لە غالبی شەڕەکانی ناوچەیی نیشان دەدات . هەرچەند هەلومەرج و بارودۆخی سیاسی ئەو کاتە بە تەواوی لە گەڵ هەلومەرج و بارودۆخی سیاسی ئێستا فەرق و جیاوازیی هەیە و بوونی یەکێتی سۆڤیەت وەك جەمسەری بە هێزی سۆسیالیستی لە بەرانبەر دەس درێژیەکانی فاشیزم و ئیمپریالیزم دەبووە هۆی بە هێز بوون و پەرەساندنی بزووتنەوەکانی ڕزگاریدەر و هەرچەند پەرەساندن و بە هێز بوونی بزووتنەوەکانی پێشکەوتوو و ڕزگاریدەر لە دەیەی شەست و هەفتای زائینیش تەعسیری لە هەلومەرجەکانی پاش سەرکەوتنی سۆسیالیزم بە سەر فاشیزم لە مەودای شەڕی دووهەمی جیهانی وەردەگرت . هەمووی نیشانەێك لەم ڕاستیە عەینیەیە کە موقاوەمەت و پەرەساندنی بزووتنەوەکانی خەڵکی و ڕزگاریدەر ئاکامی ڕاستەوخۆی پەرەساندنی دژایەتیەکان و پەرەساندنی قەێرانەکانی هەر ڕۆژ لە زیاد بوون و پەرەئەستێنەرە و ئەگەر شەڕ گیرساندنی ئیمپریالیزمی جیهانی و حکومەتانی دواکەوتووی سەر بە ئەو درێژەی سیاسەتی ئەوانە بەڵام لە شێوە و شێوازێکیتر ، بە پێچەوانە سەرهەڵدانی ئەو بزووتنەوانەی کە بۆ ماوەێکی کورت سەریان هەڵداوە و هەمیشە لە خەتی پێشەوەی شەڕ دژی داگیرکاری ئیمپریالیزم و هێرش دژی قازانجەکانی ئەوان و حکومەتەکانی دواکەوتووی سەربە ئەوان بووە ، ڕووداوێکی زۆر ئاسایی و سرووشتیە . بۆیە تەنیا ویست و ئیرادەی ئیمپریالیزمی جیهانی هۆکاری دیاریکەر لە هاوسەنگیەکانی جیهانی نیە . دەس درێژی و میلیتاریزمی هەوسارپساوی ژاندارمی جیهانی و ئیمپریالیزمی جیهانی و هاوکاری بێدریغ و بەربڵاوی حکومەتەکانی دواکەوتوو لە ئێرانەوە بگرە تاکو ئیسرائیل بە مەبەستی ئەسپاردنی سەرمایەکانی میللی وڵاتانی لە زنجیر کە حاکیمن بە سەر چارەنووسیاندا ، بۆ بەرەوپێش بردنی سیاسەتەکانی شەڕخوازانە و قەێران خۆڵقێنەری ئیمپریالیزمی جیهانی کە پیویستی ژیانی خەفەت باری ئەوانیش بوونی ئەم قەێرانەیە ، نیشانەێکە لە بوونی بزووتنەوەی مەزن و بەهێزێك لە ئاستی جیهانی کە هێشتا و بە تەواوی لە قۆناغی کردەوە نەهاتووتە مەیدان و بووەتە هۆی ئیحتیاتی پیلانگێرانی نێونەتەوەیی لە جێبەجێ کردنی بەرنامەکانیان . شەڕ هەڵگیرساندن و قەێران خۆڵقاندنی ئیمپریالیزمی جیهانی بە مەبەستی دابەشکردنی سەرلەنوێی جیهان لە هەمان سەرەتای هەڵۆشانی یەکێتی سۆڤیەت و لە گەڵ بە هێز کردنی حەرەکەتەکانی دژی شۆڕشگێرانە و کوێری ناسیۆنالیستی لە وڵاتانی حەوزەی باڵکان و کۆمارەکانی تازە سەربەخۆی یەکێتی سۆڤیەتی پێشوو دەستی پێکرد و لوتکەی ئەو یەکەم جار لە یوگۆسلاوی و ئێستا لە ڕۆژهەڵاتی ناوەراست و بە تایبەت لە عێراق شاهیدی دەبین . ئەگەر بزووتنەوەی دژی شەڕ لە ئاستی جیهانیدا هەنگاوێکی باش و پۆزیتیوە لە بەرانبەر دەس درێژیەکانی ئیمپریالیزمی جیهانی و نارەزایی دەربرین بە نیسبەت سیاسەتەکانی قەێران خۆڵقێنەری سەرمایەداری کە شەڕیش وەك درێژەی هەمان سیاسەتانە هەڵسەنگاندنی لە سەر دەکرێ ، بەم شێوەی تێگەیشتنە لە دیاردەی شەڕ و قەێران ، هەر ئەم بزووتنەوە دژی شەڕە بە لەبەرچاو گرتنی هەلومەرجەکانی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابووری و فەرهەنگی و بوونی پەیوەندیەکانی جیاواز و جۆراوجۆر لە شوێنەکانی جۆراوجۆر و جیاواز ، سەداسەد لە شێوە و شێوازەکانی بەرزتر سەرهەڵدەدات . بە دڵنیائیەوە پەرەساندن و گەشەی خەباتەکان لە باری چۆنیەتیەوە و بزووتنەوەی نارەزایی و دژی شەڕ لە وڵاتانی ئیمپریالیستی و پێشکەوتوو کاریگەری سەد ئەوەندەی هەیە لە سەر بەرز بوونی ئاستی بزووتنەوەکانی ڕزگاریدەر لە باری چۆنیەتیەوە لە وڵاتانی گرێدراو لە ناوچەکانی تووشی قەێران و ئاڵۆزیدا و هەڵبەتە دەبێ بەم ڕاستیە سەرنج بدەین کە تەعسیرەکە دوو لایەنەیە .د

گۆمانێك نیە کە شۆڕش ڕووداوێکی حەتمیە ، بەڵام پرسیار ئەمەیە کە جێگە و شوێن و ئەرکی پێشرەوی شۆڕشگێر کە بڕوای بە ڕووخاندنی سیستەمی سەرمایەداری و چەوسێنەرانە لە ڕێگای بەکار هێنانی قهر و کردەوەی شۆڕشگێرانەی خەڵکیە و خوازیاری تێك شکاندنی دام و دەزگای سەرکوتی بورژوازی و لەناو بردنی پەیوەندیەکانی چەوسێنەرانەیە کە زامنی ئیجرایی ئەو چەکدار بوونی گشتی خەڵك و دامەزراندنی ئەرتشی خەڵکی و لە ژێر کۆنترۆڵی شووراکانی هەڵبژێردراوی کۆمەڵانی کرێکار و زەحمەتکێشە ، لە خێراتر کردنی ئەمری شۆڕش و کار و چالاکی تێگەیاندن بە لە بەرچاو گرتنی هەلومەرجەکانی سیاسی ، ئابووری ، کۆمەڵایەتی ، فەرهەنگی و هەروەها بوونی دیکتاتۆری هەوسارپساوی حاکیمدا چیە ؟

ئەو پرسیارانەی کە پێشرەوی شۆڕشگێر بە هەر ئاستێکی کەمی دەبێ لە باری تیئۆری و چۆنیەت وەڵامیان بداتەوە .

ئەگەر دەس پێکردنی شەڕ و پەرەگرتنی قەێران دەبێتە هۆی پەرەساندنی بزووتنەوەکانی نارەزایی لە بەرزترین شێوە و شێوازی ئەو ، درێژە و بەردەوامی ئەویش پەیوەندی زۆر نزیکی هەیە لە گەڵ پەرەساندنی موقاوەمەت لە شێوە و شێوازەکانی جۆراوجۆر لە ئاستی جیهانیدا . بەڵام قسە و باس لە سەر ئیمکانات و یان بوونی هەست و ئەنگیزەکانی ڕووداوخوازانە و خۆکوژی سیاسی ، ئەو باسانەیە کە بە مەبەستی تەوجیهی لاوازی و

پاشماوە لە لاپەرەی ٨

# ڕاگەیاندراوەکانی کومیتە لە مانگی گوڵان

## لە مانگرتنی شوفێر تاکسیەکانی شاری سنە پشتیوانی بکەین !

کرێکاران ، زەحمەتکێشان و توێژەکانیتری زەحمەتکێش :

بە پێ هەواڵەکانی گەیشتوو ، لە ڕۆژانی ٢ و ٣ی مانگی گوڵان شوفێر تاکسیەکانی شاری سنە لە ئیعتراز بە چوونە سەرەوەی نرخی بەنزین و کەم بوونی نرخی کرایەی موسافر دەس لە کار کێشان . خواستی شوفێر تاکسیەکان ڕاگرتنی نرخی بەنزین و هاوئاهەنگی لە نێوان نرخی کرایە و نرخی بەنزینە . بەرز بوونی نرخی بەنزین و سوتەمەنیەکانیتر لە حالێک لە وڵاتەکەمان روو دەدات کە دەریای نەوتی ئێران لە حەراجەکانی نێونەتەوەیی لە لایەن دەسەڵاتدارانی حاکیم لە ئێران بە مەبەستی پڕ کردنی گیرفانی ئاغازادەکان و ئاغاکان ، دراوەتە کۆمپانیاکانی تاڵانگەری جیهانی و بەشی کرێکاران و زەحمەتکێشان و توێژەکانیتری وڵاتەکەمان لە سفرەی تاڵان و غارەت لە وڵاتی پڕ لە نەوتی ئێران ، تەنیا گرانی کەمەرشکێن و برسیەتی و بێکاری و هەزاران هەزار دەرد و مەینەتیترە .

کرێکاران و توێژەکانی زەحمەتکێشی وڵاتەکەمان دەبێ بە تێگەیشتنی قووڵ و بنەڕەتی بە نیسبەت داخوازیەکانی هەرکام لە توزێژەکانیتری نارازی کۆمەڵگا و لە هاوئاهەنگی لە گەڵ حەرەکەتەکانیتری نارەزایەتی ، خەریکی ڕێکخستن و درێژەپێدانی جووڵانەوەی نارەزایی بە مەبەستی پەرەپێدانی ڕێک و پێکی ئەو بن . ئێمە سەرەرای دەربڕینی پشتیوانی خۆمان لە کردەوەی ڕەوای توێژی زەحمەتکێشی شوفێر تاکسی لە شاری سنە ، ئەوان بە ڕێکخستن و پەرپێدانی جووڵانەوەی نارەزایی بانگەواز دەکەین .

## گیراوەکانی ڕۆژی کرێکار لە شاری سەقز دەبێ ئازاد بکرێن !

ڕێورەسمەکانی ڕێزدانانی ڕۆژی کرێکار و ڕێپێوانێک کە بەم بۆنەیە لە لایەن کرێکاران و زەحمەتکێشان و کۆمەڵانی خەڵکی شاری سەقز بەرێوەچووو ، کەوتە بەر هێرشی دڕندانەی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی و لە جەریانی هێرشی بەربڵاوی هێزە سەرکوتگەرەکان بۆ سەر خۆپیشاندەران ژمارەێک لە هەڵسووراوانی کرێکاری و توێژەکانیتری خەڵکی نارازی لە لایەن بەکرێگیراوانی ئینتزامی دەسگیر کراون کە تاکو ئێستا هەروا لە زیندانن . ئێمە وێرای مەحکوم کردنی کردەوەی سەرکوتگەرانەی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی و بەکرێگیراوانی لە گرتنی هەڵسووراوانی کرێکاری و خەڵکی نارازی ، خوازیاری یەکگرتوویی و هاوپشتی کرێکاران و کۆمەلانی خەڵک بە مەبەستی گۆشار خستنەوە و درێژەپێدانی جووڵانەوەی نارەزایی تاکو ئازاد بوونی خێرا و بە بێ قەید و مەرجی گیراوەکانی ڕۆژی کرێکار لە شاری سەقزین و لە هەموو ئورگان و کۆروکۆمەڵ و ڕێکخراوەکانی کرێکاری ، چەپ و کۆمۆنیست ، پێشکەوتوو و مرۆڤدۆست دەخوازین تاکو بە شێوەکانی جۆراوجۆر و گۆشار خستنەوە بۆ سەر کۆماری ئیسلامی ببنە هۆی ئازاد بوونی گیراوەکان .

ڕاگەیاندراوی خوارەوە لە لایەن کۆمەڵێك لە پەنابەرانی کوردی ئێرانی نیشتەجێ لە شاری هەولێری کوردستانی عێراق دەرچووە ، سەرنجتان بۆ خوێندنی ڕادەکێشین .

*********************************

## دیسان هاواری پەنابەران

لایەنە بەرپرس و پەیوەندیدارەکان ، ڕێکخراوی مافی مرۆڤ و مافپەروەران ، حیزبە داکۆکیکارەکان لە مافی مرۆڤ ، ئەوانەی بڕوایان بە مافی مرۆڤ هەیە . . .

لە دونیای ئەمڕۆی بانگێشتی دیمۆکراتیەت و جاڕی مافی مرۆڤدا ، کە هەر مرۆڤێك لە سەر ئەم گوێی زەوییە مافێکی یاسایی و شەرعی خۆی پێ دەدرێت ، بەڵام مافی پەنابەری و ئینسانی ئێمە هیچ باسی لێناکرێت . ئەگەر لە زەمەنی ئەمڕۆدا لە ژێر دروشمی دژایەتی پێشێل کەرانی مافی مرۆڤ ، ئەوانەی هەڕەشە لە ئاسایش و ژیانی مرۆڤایەتی دەکەن ، تەنانەت هێزی چەکیش بە کار دێت . ئەگەر ئەمڕۆ زۆر ڕێکخراو و کۆروکۆمەڵی سیاسی ، مرۆڤ دۆستی ، مافپەروەری . . . ، سەربەخۆ و حکومەتی و نێودەوڵەتی بۆ پارێزگاری لە مافی مرۆڤەکان دەدوێن و کار دەکەن . ئەگەر دونیای ئەمڕۆ بە دەست تیرۆر گیرۆدەیە و ئیدانە و نەفرەت ، تەنیا وەڵامی هەست و شعووری مرۆڤایەتییە . ئەگەر ئەمڕۆ لە عێراقدا کۆنە بەعسیەکان ( بەربەریستە ڕەگەزپەرەستەکان ) مافی ژیانیان پێ دەدرێتەوە و کار و مانگانەیان بۆ دابین دەکردرێت .

ئێمە پەنابەرانی ئێرانی کە نەبوونی ئازادی و پێشێل کردنی مافی مرۆڤ و دیاردەی گرتن و ئیعدام و ڕاوەدونان لە ئێراندا و تیرۆری ئازادیخوازان لە تاراوگەدا بۆتە هۆی پەرتەوازە بوون و پەنابردنمان بۆ ڕێکخراوی UNHCR ، تا بە پێی یاساکانی مافی پەنابەرێتی سیاسی هەڵسووکەوتمان لە گەڵدا بکەن . بەڵام ئێمە زیاتر لە ٢٠٠ ئینسانین و ٧ تا ٨ ساڵە چارەنووسمان نادیارە و گاڵتە بە ژیان و کەسایەتی ئێمە و ژن و منداڵمان دەکردرێت ، وادیارە هیچ کەس و لایەنێکی سیاسی و بەرپرس و پەیوەندیدار گوێمان نادەنێ و خۆیان لە ئاست ئێمەدا بە بەرپرس و دڵسۆز نازانن ، بۆیە تەمەنکوژ کراوین .

ئەی ڕێکخراوەکانی مرۆڤ دۆست و مافپەروەران ، ئەی لایەنە سیاسی و بەرپرس و پەیوەندیدارەکان ، تا کەی گوێمان نادەنێ و بە هانامانەوە نایەن ؟ دەنگی هاواری ئێمەی بێبەش لە ژیان و ماف زەوتکراوەکان بگەیەننە بەردەمی گشت لایەنە دەسەڵاتدارەکان . مەهێڵن لە کوردستانی ئازاد و دیمۆکراتیکدا کە باس لە سەر مافی مرۆڤ ، مافی ئاژەڵ ، دارستان ، . . . دەکردرێت ، ڕێکخراوێکی نێودەوڵەتی ( UNHCR ) گاڵتە بە ژیانی ئێمە پەنابەران بکات . هەروەها هەموو ئەوانەی کۆسپی سەر ڕێگای ژیانی ئێمەنە تێیان بگەیەنن کە ژیان مافی هەر مرۆڤێکە . با حکومەتی هەریم بە دەرکردنی یاسایەکی پەنابەری چوارچێوەیەک بۆ کاری UNHCR دابنێت و مافی مادی و مەعنەویی پەنابەریش مسۆگەر بکات .

(( با ئێمەش هەموو پەنابەران و پەناخوازان بە بێ جیاوازی فیکری و ئیدئۆلۆژیک هاودەنگ و دەنگ بە هاوار بین تا بە مافە ڕەواکانی خۆمان شاد دەبین . ))

**پەنابەرانی ئێرانی لە کوردستانی عێراق - هەولێر**

٢٠٠٤/٥/



**پاشماوەی بارودۆخی تازەی کوردستان و . . .**

له بەرانبەر بزووتنەوەی نەتەوەیی کوردستان ، بدۆزینەوە . بە لە بەرچاو گرتنی ئەمەی کە کوردستانی عێراق ئێستا بووەتە ناوەندی ئاڵوگۆڕەکانی ناوچەکانی کوردنشینی وڵاتانی ناوچەکە و ئاڵوگۆڕەکانی ئەو کاریگەری ڕاستەوخۆی هەیە لە سەر بارودۆخی بەشەکانتری کوردستان و بە تایبەت کوردستانی ئێران ، پێویستە وەزعیەتی بزووتنەوەی گەلی کورد لەم ناوچەیە هەر چەند بە شێوەیەکی کورت هەڵسەنگێنین .

ریشەکانی مێژوویی بزووتنەوەی نەتەوەیی لە کوردستانی عێراق جگە لە بزووتنەوەکانی بەربلاوی زیاتر لە نیو سەدەی ڕابردوو کە زۆربەیان ناوەرۆکێکی دواکەوتووانەیان هەبووە و هێندیکیشیان سەر بە ئیستعمار بوون ، بە شێوەیکی گشتی و رێك خراو و بە ناوەرۆکێکی پێشکەوتووانە و لە دژایەتی لە گەڵ حکومەتی ڕاسپاردە و بەکرێگیراوی مەرکەزی و بە گەلاڵە کردنی داخوازی روون و ئاشکرای مافی دیاریکردنی چارەنووس ، دەگەرێتەوە بۆ سەردەمی دامەزراندنی پارتی دیموکراتی کوردستانی عێراق لە ساڵی ١٩٤٦ی زائینی بە رێبەرایەتی مەلا مستەفا بارزانی و هێندێك زەماندا وەك ساڵەکانی دەیەی ٧٠ی زائینی تاکو ساڵی ١٩٧٥ی زائینی و پێش لە ئیمزا کردنی رێککەوتننامەی ئەڵجەزایر لە نێوان ئێران و عێراق و ئاگر بەس لە نێوان دوو دەوڵەتی ئێران و عێراق ، بزووتنەوەی نەتەوەیی گەلی کورد زۆر دەسکەوتی مەزنی وەك دامەزراندنی حکومەتی خۆدموختار و دابین کردنی ئازادیە دیموکراتیکەکان وەدەس هێنا . هێرشی ئەمریکا و هاوپەیمانان بۆ عێراق لە ساڵی ١٩٩١ و لاواز بوونی حکومەتی مەرکەزی دەرفەتێکی بۆ کوردەکانی عێراق و ئەحزابی پڕ نفوزی ئەوان وەك پارتی دیموکراتی کوردستانی عێراق و یەکێتی نیشتمانی کوردستانی عێراق رەخساند تاکو ئیمکانات و هێزەکانی بەربلاوی خۆیان بۆ جارێکیتر کۆبکەنەوە و رێکیان بخەن و لە ژێر پۆششی ئاسمانی هێزەکانی هاوپەیمان ، حکومەتی ناوچەیی دامەزرێنن و پەرلەمان و دایرە دەوڵەتیەکانی حکومەتی خۆدموختار لە ناوچە ئازاد کراوەکان دامەزرێنن و چالاکی داهاتووی خۆیان لە سەر دروشمی رووخاندنی حکومەتی مەرکەزی و دامەزراندنی کۆماری فیدراڵی رێك بخەن ، کە دانی خۆدی ئەم دروشمە بەرهەمی هەلومەرجی نوێی پاش ساڵی ١٩٩١ و لاوازی هەر ڕۆژ لە زیاد بوونی حکومەتی مەرکەزی و گەشە کردن و پەرەساندنی خەباتی گەلی کورد لە کوردستانی عێراق و بەشەکانی‌تری کوردستان و بە تایبەت کوردستانی تورکیا بوو . کە خۆی بە نیسبەت دانی دروشمی خۆدموختاری و هەتا خۆدگەردانی کە پیش لە ساڵی ١٩٩١ لە لایەن کوردەکان دەدرا هەنگاوێکی بەرەوپێش بوو . ئەزموونی دامەزراندنی حکومەتی ناوچەیی لە کوردستانی عێراق و دامەزراندنی پەرلەمان تەعسیراتی هاندەری خۆی بە سەر بزووتنەوەی نەتەوەیی لە بەشەکانی‌تری کوردستان هەبووە و حکومەتەکانی مەرکەزی لە ئێران ، تورکیا و سوریای کە لە بزووتنەوەی نەتەوەیی کەمینەی کورد لە وڵاتەکانی خۆیان نیگەرانن خستووتە مەترسی و بۆ لاواز کردن و بە لارێ بردنی بزووتنەوەی نەتەوەیی لە وڵاتانی خۆیان و لە کۆتاییدا نائەمن کردنی ناوەندی قەیران واتە کوردستانی عێراق خەریکی پیلانگێرین . لە گەڵ توونتر بوونی قەیرانی عێراق لە ساڵی ٢٠٠٣ و دەسپێکردنی شەڕی ئەمریکا و بەریتانیا دژی عێراق زۆربەی هەرە زۆری گروپ و رێکخراوەکان بە شێوەیکی ئاشکرا و ڕاشکاوانە و یان نیوە ئاشکرا پێشوازیان لە کردەوەی نیزامی هاوپەیمانان بە مەبەستی رووخاندنی رێژیمی سەدام حوسێن کرد و بە هاوئاهەنگی لە گەڵ ئەمریکا و بەریتانیا کۆنفرانسی گروپەکانی ئۆپۆزیسیونی عێراقی لە لەندەن سەرەڕای بوونی ناکۆکیەکانی زۆر لە بارەی داهاتووی سیستەمی بەرێوەبردنی عێراقی پاش رووخانی رێژیم بەرێوەچوو . پێکهاتی نارێکی کۆنفرانسی لەندەن خۆی بە خۆی بووە زەمینەیێك بۆ دروست بوونی گیروگرفتێکی زۆر کە هێشتا لە غالبی ناکۆکیەکان لە پێکهاتەی هەیئەتی دەوڵەت ، پێکهاتەی حکومەت و ئیدارەی وڵات ، پێکهاتی هێزەکانی چەکدار ( ئەرتش ) و سیستەمی حکومەتی عێراق خۆی نیشان دەدات کە ئەگەری سەرهەڵدانی شەڕەکانی ناوخۆیی زیاتر دەکات .ناکۆکیەکان بە شێوەیکی ئەساسی دەگەرێتەوە بۆ ریشەکانی مێژوویی بزووتنەوە لە ناوچەکانی جیاوازی عێراق و هۆکارەکانی ئەو و داخوازیەکانی خەڵکی لەم ناوچانە . بوونی ستەمی گیان سەختی نەتەوەیی لە کوردستان و بزووتنەوەیێك بە مێژووی نزیك بە یەك سەدە لە کوردستانی عێراق و بوونی ئەحزابێکی خاوەن پێگەی خەڵکی لەم ناوچەیە لە بەرانبەر بزووتنەوەکانی دواکەوتوو و کۆنەپەرەستی شێعەی دەسکردی حکومەتەکانی دواکەوتووی ناوچەکە لە باشووری عێراق لە هەلومەرجی بەرەورووبوونەوەی ئەم دوو بزووتنەوەیە لە گەڵ بزووتنەوەی پەرەئەستێنەری موقاوەمەت لە بەرانبەر سوڵتەی ئیمپریالیستی لە لایەن کۆمەڵەی چەکداری پارتیزان لە ناوچەکانی مەرکەزی و بەشەکانی لە باکوور خۆی بە خۆی وەزعی عێراقی پاش داگیر بوونی ، ئاڵۆزتر لە پێش کردووە . هەر چەند ئەمنیەت و ئاسایش لە کوردستانیش پەیوەندی ڕاستەوخۆی هەیە بە دابین کردنی داخوازیەکانی کۆن و مێژوویی گەلی کورد لەم ناوچەیە . بەرز کردنی ئاڵای کوردستان لە سەرانسەری کوردستانی عێراق و شاری ئیستراتیژیکی کەرکوك و سوور بوون لە سەر گۆرینی ئاڵای عێراق کە دەبێ نیشاندەری بوونی دوو نەتەوەی کورد و عەرەب بێت و دیاریکردنی حکومەتی فیدراڵی و یەکێتی دڵخوازانە لە چوارچێوەی وڵاتی عێراق خۆی بە خۆی نیشاندەری بوونی هەلومەرجی تازە و حەرەکەت لەم راستایە بە دوای رووخانی رێژیمی پێشوویە . لەوانەیە ئەمە سەرەتایێك بێت بۆ ئاڵوگۆڕەکانی زۆرتر و هەتا گۆرانکاری جوغرافیایی لە ناوچەکە . هەر ئەم هۆیە پەرە بە قەیرانەکە نە تەنیا لە عێراق بەڵکو لە هەموو ناوچەکە دەدات و نیشانەکانی بلاوبوونی قەیران دەتوانین لە هەوڵ و تەقەلای ئەحزاب و جەریاناتی کوردی لە بەشەکانی‌تری وەك کوردستانی ئێران و تورکیا بە مەبەستی رێکخستنی سەرلەنوێ و پێکهێنانی بەرەی کوردستانی لە هاوئاهەنگی لە گەڵ سیاسەتەکانی ئەمریکا و بە مەبەستی رووبەروو بوونەوە لە گەڵ رووداوەکانی نوێ و پەیدا بوونی هەلومەرجی تازە لە ناوچەکە ، ببینین .

# ووشەی سیاسی

## چەند ووشەیێك لە بارەی ژیانی حیزبی

**چەند ووشەیێك کە لایەنی هاوبەشی ئەوان پەیوەندیی هەیە بە بنەما و ژیانی حیزبی ، شی دەکەینەوە .**

پروگرام یان بەرنامەی حیزبێك بریتیە لە بەڵگەی ئەساسی کە لەوێدا ئامانج و ئەرکەکانی ئەو حیزبە نووسراوە . پروگرامی حیزبێکی کرێکاری مارکسیستی – لینینیستی بەڵگەیێکی زانستیە کە لە سەر ئەساسی لێکدانەوەی بنەڕەتی قۆناغی شۆڕش ، قۆناغی پەرەساندنی و گەشەکردنی دیاریکراوی کۆمەڵایەتی و ئابووری نووسراوە و بریتیە لە ئامانجەکانی حیزب لەو قۆناغەدا و ئەو ئەرکانەی کە بۆ گەیشتن بەو ئامانجانە حیزب دەبێ لە بەرچاوی بگرێ . ئەحزابی کۆمۆنیست بە پاڵپشتی بە پەروەردەکانی مارکسیزم– لینینیزم و ناسینی ڕێگای ئۆسوڵی گشتی خۆیان بۆ هەر قۆناغێك لە پەرەساندن و گەشەکردنی کۆمەڵگا ، پروگرامێکی زانستی دەنووسن کە لە ڕاستیدا یاسای ئەساسی حیزب دەژمێردرێ و ئەندامانی حیزب قبووڵی دەکەن و بۆ وەدی هێنانیان چالاکی و خەبات دەکەن . لە پروگرامدا کە ئێستا ووشەی بەرنامە زۆرتر بە جێگای ئەو بە کار دێنن ڕێگاکانی گەشە کردن و پەرەساندنی شۆڕشگێرانە و شێوە و شێواز و ئامرازەکانی گەیشتن بە ئامانج دیاری دەکرێت و لە هێڵەکانی سەرەکی خۆیدا ، بە شێوەیێکی دیاریکراو ، لایەنەکانی جۆراوجۆری ئامانجێك کە دەبێ پێ بگەین لە زەمینەکانی جۆراوجۆردا وەك سەنعەتەکانی کشتوکاڵی و پێکهاتی دەوڵەتی و کاروباری پەیوەندیدار لە گەڵ مەسەلەی میللی و کاروباری کۆمەڵایەتی و ڕیفاه و ئاسوودەیی و پێشکەوتن ڕوون دەکرێتەوە . لە مێژووی بزووتنەوەی کرێکاریدا یەکەمین پروگرام یان بەرنامە هەمان مانیفێستی حیزبی کۆمۆنیستە . لە زۆربەی جارەکاندا پروگرام یان بەرنامە بریتی دەبێ لە یەك بەشی تیئۆریك یا بەیانی شیکردنەوەی دیاردەکانی سەرەکی دەورانی هاوچەرخ . هەروەها ئامانجەکانی سیاسی ، ئابووری و کۆمەڵایەتی بە وردی باسی لە سەر دەکرێ . تزەکان و ڕێنوێنیەکانیش لەم بارەوە دەدرێت . سەرەڕای پروگرام بەڵگەکانیتری بەرنامەی حیزبیش لە پروگرام دەنووسرێ تاکو ئامانجەکانی خێرا بۆ دەورانەکانی تاکتیکی ڕوون بکرێتەوە .

پەیڕەوی ناوخۆیی– بریتیە لە کۆمەڵێك یاسا وئۆسوڵ و قاعیدە و قانوونی حاکیم بە سەر ژیانی ناوخۆیی حیزب یان ڕێکخراوێك کە پێکهاتی ئەو و شێوەی کردەوەی ئەو و بەرنامەی کار و چالاکی ئەو لە هاوئاهەنگی لە گەڵ ئامانجەکانی حیزب و یان ڕێکخراوی پەیوەندیدار لە گەڵ ئەودا دیاری دەکات . بۆیە لە پەیڕەوی ناوخۆیی حیزبدا کۆمەڵێك یاسا و ئۆسوڵی ڕێکخراوەیی حیزب دەنووسرێت . لە پەیڕەوی ناوخۆیی هەروەها ئامرازەکانی کردەوەی پراتیکی ڕێکخراوەکانی حیزب ، شێوەی پێکهێنانی ئۆرگانەکانی ئەو و ڕێبەرایەتی ئەو ، کونگرەکان و کونفرانسەکان و کۆبوونەوەکان و حەوزەکان ڕوون دەکرێتەوە . ئایدۆلۆژی مارکسیزم – لینینیزم و ئۆسوڵی تەشکیلاتی سەرچاوە گرتوو لەو ، ئایدۆلۆژی حیزبی کرێکاری پێك دێنێ . جگە لەمانەی کە ووترا لە پەیڕەوی ناوخۆیی حیزبیدا مەرجەکانی ئەندام بوون لە حیزب ، ئەرکەکان و مافەکانی ئەندامانی حیزب ، پێکهاتەی حیزبی لە سەر ئەساسی ئەسڵی مەرکەزیەتی دیموکراتیك ، یاساکانی سەبارەت بە حەوزەکان و ئۆرگانەکان و کومیتەکانی و پەیوەندیەکانی حیزب بە تەواوی ڕوون دەکرێتەوە .

کونگرەی حیزبی– بەرزترین ئۆرگانی ڕێبەرایەتی حیزبە و بریتیە لە کۆمەڵێك لە نوێنەرانی ئەندامانی حیزب . لە کۆبوونەوەکانی کونگرەدا یەکەم جار پروگرام و پەیڕەوی ناوخۆیی حیزب دەنووسرێت و پەسەند دەکرێت و لە کاتی پێویستدا واتە لە کاتی ڕووداوەکانی لە ناکاو لە ئاستی جیهانی و ناوخۆییدا بۆ هاوئاهەنگی وەزعی ناوخۆیی حیزب لە گەڵ گۆڕانکاریەکان ئاڵوگۆڕی پێویست بە سەر پروگرام و پەیڕەوی ناوخۆیی حیزب دێت . دووهەم ئەوەی کە ڕاپۆرتەکانی ڕێبەرایەتی حیزب دەبسترێت ، نوێنەرانیش چالاکی حیزبی هەڵدەسەنگێنن و پێداچوونەوەی لە سەر دەکەن و ئەرکەکانی داهاتوو ، شێوازی حیزب لە بارەی مەسەلەکانی ئەساسی سیاسی و هێڵی کار و چالاکی تاکو کونگرەی داهاتوو دیاری دەکەن . سێهەم ئەوەی کە ئۆرگانەکانی ڕیچبەرایەتی حیزب ، ئەندامانی کومیتەی ناوەندی و ڕاوێژکارانی ئەو و ئەندامانی کۆمیسیۆنی چاوەدێری هەڵدەبژێردرێن . گرێنگی تایبەتی کونگرە لە ژیانی حیزبی بە باشی لە ئەرکەکانی ئەو دەر دەکەوێت .

کومیتەی ناوەندی– ئۆرگانێکی هەمیشەیی و هەڵبژێردراوە کە لە مەودای نێوان دوو کونگرەدا بەرزترین ئۆرگانی حیزبیە و چالاکی سیاسی و کاری ڕێکخراوەیی حیزب بەڕێوە دەبات و لە بەرانبەر کونگرە بەرپرس و وەڵامدەرە .

پلۆنۆمی کومیتەی ناوەندی واتە کۆبوونەوەیێك کە لەوێدا ئەندامانی ئەسڵی کومیتەی ناوەندی و ڕاوێژکارانی بەشداری دەکەن . لەم کۆبوونەوانەیە مەسەلەکانی گرێنگ و ئەرکەکانی سیاسی لە کاتەکانی دیاریکراو و لە ژێر تەعسیری بڕیارەکانی کونگرە قسە و باسیان لە سەر دەکرێت . لە هێندێك جاریش دەعوەت دەکەن لە ژمارەیەك لە کادیران و بەرپرسانیتری حیزبی بۆ بەشداری کردن لەم کۆبوونەوانە و لەم حاڵەتەدا پێ دەڵێن پلۆنۆمی بەربلاوی کومیتەی ناوەندی . ووشەی پلۆنۆم بە مانای کۆبوونەوەی گشتی ئۆرگان یان کومیتەیێکی هەڵبژێردراوە لە لایەن ڕێکخراوێك .

**گۆڤارەکانی (( کار کمونیستی )) ، (( جهان کمونیستی )) ، (( دان الدوزو )) ، (( ڕێگای گەل )) و هەروا تازەترین ڕاگەیاندراوەکانی ڕێکخراو لە سایتی ڕێکخراو وەرگرن :**

*****************

**ناونیشانی سایتی ڕێکخراو ، پۆستی ئلکترۆنیك و کومیتەی کوردستان ، و ژمارە فاکسی پەیوەندیە گشتیەکانی ڕێکخراو بریتین لە :**

www.fedayi.org
webmaster@fedayi.org
Kurdistan@fedayi.org
FAX:+46317792571